ROJî GEl , Weekly Newspapper Issued By: Rizgary Party of Kurdistan-RPK

# کارتی سووری سینەماکاری کورد لە ئەمریکا پێشان دەدرێ



رۆژی ١٢-٤-٢٠٠٨ فیلمی دیکۆمێنتی "کارتی سوور" کە لە نووسین، دەرهێنان و وێنەگرتنی سینەماکاری کورد خاتوو مەهناز ئەفزەلییە لە ١٨مین خولی فیستیڤاڵی سالانەی فیلمە ئێرانییەکان لە زانستگەی UCLAی لۆس ئەنجلێس ولاتی ئەمەریکا پێشان درا.

رۆژی ١٢-٤-٢٠٠٨ هەژدەمین خولی فیستیڤاڵی سالانەی فیلمە ئێرانییەکان لە زانکۆی UCLAی لۆس ئەنجلێس بە دانیشتنێک لە سەر "هونەری فیلمسازی لە ئێرانی هاوچەرخ"دا دەستی پێکرد ، بڕیاروایە تا ئەمرۆ ٢٧-٤-٢٠٠٨ درێژەی هەبێ.

جێگەی ئاماژەیە کە فیلمی دیکۆمێنتی "کارتی سوور" پێشتر لە چەندین فیستیڤاڵی نێونەتەوەییدا بەسەرکەوتوویی پێشان درابوو، لە بەشی کێبرکێی چل و سێیەمین خولی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی شیکاگۆ، کە لە رۆژانی ٤ تا ١٧-١١- ٢٠٠٧ لە شاری شیکاگۆ لە ولاتی ئەمەریکا بەڕێوەچوو، وەک براوە ناسێندرابوو. هەروەها لە لە ڤیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمە دیکۆمێنتییەکانی "ئەفریقای باشوور"، کە لە رۆژانی ٢٩-٧ تا ٥-٨-٢٠٠٧ لە شارەکانی "کیپ تاون" و "جوهانسبۆرگ" بەڕێوەچوو، دیسان سەرکەوتنێکی کەم وێنەی بەدەست هێنابوو. هەر لە ساڵی ٢٠٠٧ لە فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی دیکۆمێنتی "ئەمستردام" لە هۆڵەندا پێشان دراو توانی سەرسامی ئامادەبوان بەلای خۆی رابکێشێ.

فیلمی دیکۆمێنتی کارتی سوور لە رۆژانی ٢ تا ١٠-٥-٢٠٠٧ لە شاری میونخی ولاتی ئەلمانیا بەشداری لە ڤێستڤاڵی فیلمی دیکۆمێنتی دا کرد.

دەکرێ بلێین ویرای ئەوەی کە سینەماکارانی کورد لە سەرەتای هەنگاوەکانی خۆیاندان، بەلام لەچەند ساڵی رابردوو چەندین خەلاتی کەم وێنەیان بەدەستهێناوە، دەرهێنەرانی وەک بەهمەنی قوبادی و هونەر سەلیم و جەلال جوانرۆیی و مەهناز ئەفزەلی و چەندانی دیکە مژدەی داهاتوویێکی رۆشن بە نەتەوەکەمان دەدەن.

# ئەردەلان بەکر سەردانەکەی بۆ کوردستان بەرهەمدار دەکات



ئەردەلان بەکری سترانبێژ لەوەتەی سەردانی باشووری کوردستانی کردووە، دەستی بە چالاکییکی بەرفراوان کردوە، کۆنسێرت و ئاهەنگەکانی درێژە پێدەداو لەتەک ئەوانەشەوە هەولی کلیپکردن و وێنەگرتنی هەندێک لە گۆرانیەکانیەتی، لەم بارەیەوە سەرچاوەیەک بە رۆژی گەلی راگەیاند کە ئێستا ئەردەلان بەکری هونەمەند زۆر سەرقاڵە، لە زۆر لایەوە داوای پێکهێنانی کۆنسێرت و ئاهەنگی لێدەکرێ، هەر لەم سەردانەشیدا کاری وێنەگرتنی بۆ گۆرانی (خەونی بوو) تەواوکردووە، ئەمەش لەسەر ئەرکی کۆمپانیای کۆرەک میوزیک بەرهەم هاتووە، واشپێدەچی کە کۆرەک مۆزیک هاوکاری باش لەگەڵ هونەرمەند ئەردەلاندا بکەن، چونکە گەرانەوەی هونەرمەند لەسەر داواو بانگهێشتی کۆمپانیای کۆرەک میوزک بووە، ئێستاش کاری وێنەگرتن بۆ گۆرانی "بێریا" ئەنجام دەدەن، کە ئەم گۆرانیەش لە دواپین ئەلبوومەکەی دایە.

سەرچاوەکە دووپاتی کردەوە کە ئەردەلان زۆر حەزی کە دیمەنی شاخ و کێوەکانی کوردستانە بۆیە داوای کردووە کە دیمەنەکان لە چیاکانی کوردستان بگیرێن.

بەگوێرەی ئەم سەرچاوەیە "خەونێ بوو" چیرۆکە گۆرانیەو باسی ئیرەیی کچ بەرانبەر خۆشەویستەکەی دەکات، بەتایبەتی ئەو کاتانەی کە بزانێ سەیری کچێکی دەیکە دەکات و بە تاکە نیگایێکی خۆشەویستەکەی بۆ کچێکی دیکە، ئەوە توورە دەبێ و وازی لێدەهێنێ.

جێگەی ئاماژەیە کە کاتژمێر ١٩ی دوێنێ ئەردەلان بەکر لە هوتێل خانزاد ئاهەنگێکی تایبەتی بۆ فێرخوازانی زانکۆی سەلاحەدین سازکرد. مەبەستی ئەوەش بوو کە لە نزیکەوە چاوی بە فێرخوازانی زانکۆ بکەوێ و دلیان خۆش بکات، بەوهۆیەشەوە سوپاس لراو ریزی زۆری لێگیرا.

**سەرتیپ**

# مەیسەم کلیپێکی نوێ و کۆمیدی بەرهەم دێنێ

**مەیسەم نوحاس** سترانبێژی لبنانی لە نوێترین ئەلبومی خۆیدا شێوەیەکی تایبەتی گرتۆتەبەرو پەنای بۆ شێوازی کۆمیدی و خەندەدار بووە، بەتایبەتیش لە گۆرانی (مەهزوم)دا کە ناوی کلیپەکەشیەتی.

مەیسەم لە کلیپکردنی گۆرانیەکەیدا رۆڵی دایکی **'رۆدی'** دەبینێ کە یەکەمین رۆژی چوونە فێرگەیەتی.

ئەلبومی مەهزوم هەشت گۆرانی لەخۆی گرتووە، ئەوانیش بریتین لە ( دۆڕاو، خەون بە چاوەکانتەوە دەبینم، لەبیرت دەکەم، پێتەوە گەشبینم، شەوانە، تەنیا پرسیار و خۆشەویستی رۆح' کە لە هۆنراوەکانی ' کەمال قەبێسی، رافی، جیهاد فەرەح، ملحەم سەعب و یاسر جەلال' وەرگیراون، هەروەها چەند ئاوازدانەرێکی بە توانا ئاوازیان بۆ گۆرانیەکان داناوە.

مەیسەم سەبارەت بە رۆدی دەڵێ: بەهرەیەکی هونەری گەورەی وەکو باوکی هەیە، منداڵیکی زیرەک و ژیرو پڕ جولەیە، ئیرەیی دەبات ئەگەر لە تەلەفزیۆنەکاندا ببینێ کە دایکی منداڵێکی دیکە لەباوەش دەگرێ.



مەیسەم سەبارەت بە گۆرانی مەهزوم، دەڵێ: ئەمە چیرۆکی هەموو ئەو خێزانانەیە کە منداڵەکانیان یەکەمین رۆژ رەوانەی فێرگە دەکەن، لەو کاتەدا منداڵ و دایک لەیەکتری دادەبڕێن و گرفت لەگەڵ خۆیدا دروست دەکات، کارێکی راستینە، نەک خەیاڵ.

# جووتیارێک ژنەکەی خۆی بە بزنێک دەگۆڕێتەوە

جووتیارێکی بولگاری بە ناوی ئەستویل پانایاتف کە هەم کشتوکاڵ دەکات، هەمیش بە کاری ئاژەڵداریەوە خەریکە سەودا بە ژنەکەی خۆی دەکات و بە بزنێک دەیگۆڕێتەوە!!

بەگوێرەی هەواڵەکان ئەو جوتیارە پێشتر دوو ژنی دیکەشی هێنابوو، بەلام منداڵیان نەببوو، سێیەمین ژنیشی هەر منداڵی نەبووە بۆیە لەکەللەی داوە بە بزنێک بیگۆڕێتەوە، هەڵبەت ئەمەش دوای ئەوەی کە زانیویەتی کەسێکی دیکە حەز لە ژنەکەی دەکات.

ماڵپەڕی ئێرانیانی ئینگلستان لە هەفتەی رابردوودا بلاوی کردبۆوە کە پانایاتفی هاوسەری ژنەکە ئاشکرای کردووە، رۆژێک



بەر لەو سەودایە یەکێک لە هاورێکانی هاتۆتەلای وحەزی خۆی بۆ ژنەکەی پێگوتووە، ئەویش نیگەران بووە بۆیە داوای لێکردووە ئەگەر بزنێکی بداتێ، ئەویش ژنەکەی خۆی پێدەدات!

رۆژانە دەیان هەواڵی سەیر دەبیسین، بەلام ئەمە یەکەمین جارە کە مرۆڤێکی ئەورووپی هاوسەرەکەی خۆی بە بزنێک بگۆڕیتەوە، کورد راستی فەرمووە کە دەڵێ ': تاسەر بمێنی، عەجاییاتان دەبینێ'

راستیەکەی ئەمە سوکایەتی کردنە بە مرۆڤ . ئەگەر ئەم رووداوە لە کوردستان بوایە لەوانەیە زۆربەی مێدیاکانی بیانی باسیان دەکردو کوردیان بەدواکەوتوو دادەنا.

## ژوانگە

## نهێنی هێشتنەوەی زانیاریەکان، رێگەی گەیشتن بە دیموکراسی درێژ دەکاتەوە

هەواڵەکان ئاشکرایان کرد کە رۆژی ٢١-٤-٢٠٠٨ پەرلەمانی کوردستان بە ٣١ دەنگی ئەرێ و ٣٠ دەنگی نەرێ پرۆژە یاسای دیوانی چاودێری دارایی پەسند کردووە، بەپێی ماددەی ١١ی ئەو یاسایەش سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی حکومەت مافی ئەوەیان هەیە زانیاری نهێنی سەبارەت بە دارایی رادەستی دیوانی چاودێری دارایی نەکەن و نەیدرکێنن! ئەمەش واتای شاردنەوەی زانیاریەکان دەگەیەنێ و لەگەڵ سیستەمی دیموکراسیشدا پێچەوانە دێتەوە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بەرهەمی خوێن و قوربانی شەهیدان و تێکرای کوردستانیانە باس لە دیموکراسیبوون و ئازادیەکانی مرۆڤ دەکات، زۆر جارانیش دەستەلاتدارانی کوردستان جەختیان کردۆتەوە کە ئەوان بە کۆدێتا نە هاتوون، لە ئاکامی هاوێرکردنی دەنگی سەندوقەکان و بە ویستی زۆرینەی هەرە زۆری خەلکی کوردستانەوە دەستەلاتیان وەرگرتووە، واتە لە سیستەمی دیموکراسیدا ئازادانە هەلبژاردن کراوە، کرانەوەو ئاشکرایش دوو کۆڵەگەی سیستەمی دیموکراسین، بەلام کاتێک پەرلەمانی کوردستان بۆ خۆی رێگە بە هەرسێ سەرۆکایەتی دەدات کە زانیاری نهێنی بە دیوانی چاودێری نەدەن، واتای ئەوەیە کە چەند هەنگاوێکی دیکە لە سیستەمی دیموکراسی دوور دەکەوینەوە، رێگەی گەیشتنیش دێژو دژوارتر دەبێ.

خەلکی کوردستان چاوەڕوانی ئەوەیان لە پەرلەمان دەکرد کە یاسایێک دەربکات، تا ئەوانەی پۆست و بەرپرسیارێتی وەردەگرن، لە دەستپێکدا سامانی خۆیان بۆ خەلک ئاشکرا بکەن، لە سەرچاوەی سامانی ئەو بەرپرسانەش بکۆڵیتەوە کە رۆژانە مینای کوارک هەلدەدەن و پێدەگەن، بەلام ئەم پرۆژە یاسایە خواستەکە دەمکوت دەکات و پانتایی سامان کۆکردنەوەش بەرفراوانتر دەکات.

کرۆکی قسە ئەوەیە، ئەگەر حکومەت و بەرپرسان باس لە دیموکراسی و ئازادیەکان نەکەن، دەرهێنانی ئەو یاسایانە زۆر بە ئاسایی وەردەگیرێ، بەلام کاتێک باس لە دیموکراتیزەکردن و ئەزموونی کەم وێنە دەکەین و دەمانەوێ بە باشترین نموونەی رۆژهەلاتی ناڤین پێشان بدرێین، نابێ پرۆژە یاساکانی لەو بابەتە پەسند بکرێن.

خەلکی کوردستان چاویان لە ئاسۆ بڕیوەو دەیانەوێ بەرەو هەوراز هەنگاو هەلبیگرێتەوە، کەچی ئەو پەرلەمانتارانەی بەدەنگ و متمانەی خەلک لەسەر کورسی دانیشتوون، داوێنیان دەگرن و بەرەو دواوە رایان دەکێشنەوە.

سەیر لەوەدایە کە بەسەردادانەوەی پرۆژە یاسای کاری رۆژنامەوانی هەلوێستەی بە پەرلەمانی کوردستان نەکردووە، بۆیە لە تاسەیێکەوە بۆ تاسەیێکی دیکە شۆڕ دەبێتەوە.

**رێکار ئەحمەد**
rekarahmed@hotmail.com
www.rekar.org

## وشە هەڵوەریوەکانی عیشق



**کەژاڵ ئیبراهیم**

هاتووم تاکو بەخوێنی هەر دەپەنجەکەم
لەمرواری پەڕەی ڕۆحم
یەک دێڕ وشەت، بۆ بهۆنمەوە
بەلاشەیەکی شەکەت و
دوولێو وشکء خەماوی، بلێم ماڵئاوا
ئەی خواوەندی خۆشەویستی
وەفا،عەشق، خۆشەویستی
لەکوێیەو کوا ؟!
هاتووم تاکو دەستەکانت تێبگەیەنم
بۆ لەمەودوا هاوڕێی دەستەکانم نەبێ
چاوەکانت تامەزرۆی،بینینم نەبێ
زمانم دەیەوێ نەترسێ و بلێ برۆ
تۆ لەمەودوا خۆشەویستی دڵم مەبە .
تاوان تۆیت و دڵم دەڵێ
بێنە کۆڕپەی خۆشەویستیت بابڕۆین
ئەو بۆنی گوڵە نێرگز و میلاقە و
بەیبوون
لەیەک جیاناکاتەوە
ئەو پەڕەی ناسکی گوڵەباغ و
دەمی تیژی دڕکیک
وەکو یەک ماچ دەکا ؟

Kazhal_٣@hotmail.com

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com